# (PKK) دوێنی تەسلیمی جەنەراڵەکانی تورك بوو،

# ئەمڕۆکەش تیرۆریستە و شەڕی دیموکراسیەتی تورکیا دەکات!

سەردەم عەبدوڵلا

ماوەیەکە چەند رۆژنامەیەك کە لە سنووری ئیدارەی سلێمانی دەردەچن، هەواڵ و گوتار لەسەر (PKK) و باکووری کوردستان و تورکیا بڵاو دەکەنەوە. زۆربەی ئەو را و گوتارانە لە زمانی راگەیاندنەکانی تورکیاوە نزیکن، چونکە نەك هەر ئاماژە بە راستییەکان ناکەن، بەڵکو پێچەوانەیان دەکەنەوە و، دوور لە راستگۆیی کاری رۆژنامەوانی و بە مەبەستی سیاسی و حزبی کۆمەڵێك پرس دەوروژێنن، ئەمەش لاساییکردنەوەی شێوازی کاری رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانی تورکیایە کە رەوایەتی بە ئایدیۆلۆژیای رەسمی دەوڵەت دەدەن!

بێگومان دەبێ ئێمە لە باشووری کوردستان ئاگاداری پێشکەوتنەکانی باکووری کوردستان بین و زانیاریمان هەبێت، چونکە راستەوخۆ کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە، ئەو سیاسەتەی رژێمی تورکیا – چ باش چ خراپ – لەبەرامبەر 20 ملیۆن کوردی باکوور پەیڕەوی دەکات لەگەڵ هەڵوێستی تورکیا لەبەرامبەر ئەزموونی فیدراڵی باشووری کوردستان دوو دیوی یەك دراون و لێك جیا ناکرێتەوە.

کۆنگرەی گەلی کوردستان ((PKK)ی پێشوو) بە هەموو ئەو هەڵە و کێماسییانەی لە رابردوو تێیکەوتووە کە لە لایەن حزبە کوردستانییەکان و رۆشنبیران رەخنە کراوە، خودی خۆشیان لە 5 ساڵەی دوایی لەسەر سیاسەت و هەڵوێست و خەباتی رابردوویان هەڵوەستەیان کردووە و بە قۆناخی سەرلەنوێ بونیادنانەوە تێپەڕبوون، لەسەرووی هەمووشیانەوە کۆنگرەی گەلی کوردستان هەمیشە ئامادەگی خۆی بۆ دیالۆگ و چارەسەرییەکی سیاسی نیشانداوە، لەم چوراچێوەیەدا لە 2/8/1999 تاوەکو 1/6/2004 یەك لایەنە ئاگربەستی راگەیاند و بۆ نیشاندانی نیاز و نیەتی ئاشتیخوازانەشی دوو گروپی ئاشتی رەوانەی ناو تورکیا کرد کە ئەمە لە لایەن هەندێ لە حزبەکانی ئێرە بە تەسلیمبوون و دەستبەردان لە خەبات و تێکۆشان لە قەڵەم درا و بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی (PKK) بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆج ئالان"یان بە چوونە ژێر باڵی جەنراڵەکانی تورکیا تاوانبار کرد!

لەم چەند مانگەی دوایی، بە تایبەتیش دوای سەردانی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیری تورکیا لە 12/8/2005 بۆ "ئامەد" رایگەیاند "ئێمە دان بە کێشەی کورد دەنێین و دەمانەوێ سیاسەتی چەوتی حکومەتەکانی پێشوو تێپەڕێنین و کێشەکە چارەسەر بکەین" بە هەمان شێوە بۆ پاڵپشتیکردنی بانگەوازی رۆشنبیرانی کورد و تورك، کۆنگرەی گەل جارێکی تر لە 20/8/2005 یەك لایەنە بڕیاری راگرتنی چالاکی سەربازی دا و بانگەوازی بۆ دیالۆگ و چارەسەرییەکی دیموکراتیانە دووپات کردەوە. لە 20/9/2005 ئەو ماوەیە تاوەکو 3/10/2005 درێژ کرایەوە. حکومەتی تورکیا لەو ماوەیەدا نەك وەڵامی بانگەوازی ئاشتیانەی کۆنگرەی گەلی نەدایەوە، بەڵکو لە بواری سیاسی، سەربازی و راگەیاندنی دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوان کردووە و بە قەد کونی دەرزیش بواری بۆ دیالۆگ و چارەسەری سیاسی نەهێشتۆتەوە، بە پێی راگەیاندنێکی فەرمانداری هێزەکانی پاراستنی گەل (HPG) باڵی سەربازی کۆنگرەی گەل سوپای تورکیا لە 20/8/2005 تا 3/10/2005، (79) ئۆپەراسیۆنی ئەنجام داوە و لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکاندا 129 سەرباز کوژران و 42 گەریلای (HPG) ژیانیان لەدەست داوە، هەروەها هێرشی بۆ سەر کەسایەتی سیاسی و بەڕێوەبەرانی شارەوانیەکان و رێکخراوە مەدەنیەکان پەرەی سەندووە و، ئەوەی داوای مافەکانی کورد بکات بە جوداخواز و تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێت و مامەڵەی قانوونی لەگەڵدا دەکرێت! تیرۆری سیستەماتیکی حکومەتی تورکیا بە ئاستێك گەیشتووە کە بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی تورکیشی نیگەران کردووە و داوا دەکەن ئەو ململانێیە نەگاتە ئاستی شەڕی ئەهلی کورد - تورك. بێگومان وڵاتانی

یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا راستینەی سیاسەتی شەڕخوازی حکومەتی تورکیا دەبینن، بەڵام بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریان وا دەخوازێت کە بەرامبەر بەو تیرۆر و چەوساندنەوەی دژ بە گەلی باکووری کوردستان پیادە دەکرێت چاویان بگرن و زاڵمانە خەباتی دیموکراتی و ئازادیخوازانەی ئەو گەلە بە تیرۆر بناسێنن!

گریمان حکومەتی تورکیا لە رۆژی ئەمڕۆدا لە بارەی سیاسی و دەروونییەوە ناتوانێ (PKK) وەکو موخاتەبێك بۆ چارەسەری کێشەی کورد پەسند بکات، بەڵام خۆ دەتوانێ سەرۆك و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان، یان رۆشنبیرانی کورد، یان پارلەمانتارانی پێشووی پارتی (DEP) لەیلا زانا و خەتیب دیجلە و هاوڕێکانی وەکو لایەنێك سەیر بکات و کار بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی و هەنگاو بە هەنگاو چارەسەرییەکی دیموکراتییانە پەرە پێبدات. کاتێك حکومەتی تورکیا هەموو دەرگاکان لەبەردەم لایەنی کوردی دادەخات و داوای ملکەچکردن بۆ سیاسەتی نکوڵیکردن و لەناوبردنی گەلی کورد دەکات، ئەوا لایەنی کوردیش ناچارە بەرگری لە شەرەف و ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات.

ئەگەر بڵێین تورکیا دەوڵەتێکی داگیرکەرە و بەرژەوەندییەکانی وا دەخوازێت، وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان پاڵیان پێوە دەنێ کە لە ئاست تیرۆر و بکوژە و ببڕەی تورکیا بێ دەنگ بن، ئەوا حزب و سەرۆکێکی کوردی لە باشووری کوردستان لە سەر چ بنەمایەك وەکو ئەردۆغان تێکۆشانی گەلی باکوور بە تیرۆر لە قەڵەم دەدات؟! رۆژنامەکانی هەمان دەڤەریش دەیانەوێ شەرعیەت بەو قسەیە بدەن و (PKK) وەکو هێزێکی شەڕخواز و تیرۆریست پێناسە بکەن و وای لێکبدەنەوە کە تورکیا لایەنگری ئاشتی و دیموکراتیە کەچی (PKK) هەوڵەکان لەبار دەبات؟!

هەر هەمان سەرۆك و هەر هەمان رۆژنامە و رۆژنامەنووس بوون کە ساڵانی رابردوو ئۆج ئالان و (PKK)یان تاوانبار دەکرد کە تەسلیمی جەنەراڵەکانی تورکیا بوون و لەوێ شەڕیان وەستاندووە و دەیانەوێ شەڕ بە هەرێمی کوردستان بفرۆشن!! ئەگەر وەها بوو، ئەمڕۆکە تورکیا دیموکرات بووە و ئاپۆ و (PKK) شەڕخوازن و لە دژی تورکیان، بگرە بەو شەڕەی دەیکەن خیانەت لە کوردی باکووری کوردستان دەکەن؟! ئەم لێکدانەوانە دژ بە یەکن و یەکتری بەتاڵ دەکەنەوە و دەبێ یەکێکیان هەڵە بێ بۆ ئەوەی دووەمیان راست دەرچێت، ناکرێ هەردووکیان راست بن!

باشە ئەو بەڕێزانە ئەگەر خەمخۆری کوردی باکوورن بۆ پرۆژەیەك ئامادە ناکەن و لایەنەکان هان نادەن بۆ ئەوەی رێگەی ئاشتی و دیالۆگ بگرنە بەر؟ ئەگەر ئەوەیان پێ ناکرێت چ مەجبورن وەکو جەنەڕاڵەکانی تورك تێکۆشانی 20 ملیۆن کورد بە تیرۆر بناسێنن؟! راستییەکان وەکو مانگەشەوە روون و ئاشکران، دیارە ئەو کەس ولایەنانە یان بۆ رازیکردنی دڵی دوژمنان و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی وەها دێنە گۆ! یانیش زەمینە بۆ شەڕێکی دیکە دژ بە (PKK) خۆش دەکەن، ئەگەر نا ئەو هەموو پێچەوانە کردنەوەی راستییەکان لە پێناوی چییە؟

رەوشی ئەمڕۆی باکووری کوردستان بە هەندێك جیاوازی لە رەوشی ساڵانی 1988 و 1989 و 1990 باشووری کوردستان دەچێت، چونکە ئەوروپا و ئەمریکا لە ئاست تاوان و تیرۆرەکانی حکومەتی تورکیا خۆیان بێ دەنگ کردووە و رەوایی دەدەنە ئەو سیاسەتە، بەڵام ئەوە تۆزقاڵێك لە رەوایی تێکۆشانی ئازادی گەلی باکووری کوردستان کەم ناکاتەوە و، ئەمڕۆش نەبێ سبەی حکومەتی تورکیا ناچار دەبێت مل بۆ داخوازییە رەواکانی ئەو گەلە کەچ بکات. هەروەکو چۆن سەددام و بەعس نەیانتوانی بە تیرۆر و تۆقاندن گەلی باشوور لەناو بەرن، ئەوا گەلی باکووریش لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەگاتە رۆژی ئازادی و بە مافەکانی شاد دەبێت، ئەوانەی کە بوونەتە زوڕنا ژەنی سیاسەتەکانی حکومەتی شەڕ و تیرۆری تورکیاش ئەوکاتە دەتوانن پێناسەیەك بۆ راستینەی خۆیان دابنێن!

ك.ك